# تیكۆشانی ریكخراوی ئازادی ژنانی عیراق لەدژی دیاردەی كۆشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف، دریژەی هەیە



یەكیك لەمەیدانەكانی هەلوسورانی ریكخراوی ئازادی ژنان راوەستانەوەیە لەدژی كوشتنی ژنان بەبەبهانەی شەرەف. سەوسەن سەلیم هەلسوراوی ریكخراوی ئازادی ژنان لە ولاتی بریتانیا و بەرپرسی كەمپینی جیهانی لەدژی كوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف، لەمیانەی ئەنجامدانی چەند چالاكی‌یەكیەكدا لەشاری لەندن، تیشكی هاویشتە سەر ئەم دیاردەیەو ئەو هۆكارانەی خستەروو كە دەبنە هۆی خولقاندنی تراژیدیا نامرۆڤانە دەرهەق بەژنانی كوردستان. هاوكات سەوسەن لەمیانەی هەلسورانەكانیدا سەرنجی دەزگاكانی راگەیاندن و كاربەدەستانی حكومەتی بەریتانیای راكیشا بۆ ئەو هەنگاوانەی كەخەتەری كوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف لەسەر ژیانی ژنانی كوردستان و رۆژهەلات لادەبات. جیگای ئاماژەیە كەسەوسەن لە مانگی رابردووداو لەسالیادی مەرگی هیشوو دا یاداشتنامەیەكی بلاوكردەوە كەتیایدا سەرخەتی ئەو پلاتفۆرمەی خستۆتە بەردەم رای گشتی ودەولەتی بریتانیا كەجی‌بەجی كردنیان دەبیتەمایەی بەرگرتن بەدیاردەی كوشتنی ژنان. .. ئەمەی خوارەوە گۆشەیەك لەچالاكیی‌یەكانی سەوسەن سەلیم دەگریتەخۆی:

*- رۆژی 21-10-2004 دا Faction Films كەپرۆژەیەكی ئامادەكردنی فلیمی دۆكیومەنتیە لەسەر مەسائیلی جۆراجور بۆ كەنالە ئینگلیزیەكان، چاوپیكەوتنێكیان لەگەل سەوسەن سەلیم و دوونوینەری پۆلیسی سكۆتلەند یاردو هەنانە صدقی لە ( Southhall Black Sister) سازدا گەرچی بابەتەكان و پرسیارەكان زۆر جوراوجور بوون بەلام بەگشتی لەسەر دیاردەی كوشتنی ناموسی وە بەتایبەتی لەناو كۆمیونتی كوردا و هۆكارەكانی روودانی ئەم دیاردەیە لە ئەورۆپا سیاسەتی فرە كەلچەری ، گاریگەری ئیسلام وكلتوری ناسیۆنالیزم لەسەر مافەكانی ژنان و هاوكات كارەكانی كەمپینی دژی كوشتنی ناموسی قسەوباس كرا.

*- رۆژی 11-11-2004 هەر لە چوارچیۆوە كارەكانی كەمپینی دژی كوشتنی ناموسی، رادیوی (Radio Production) چاو پیكەوتنێكی بۆ ماوەی یەك سعات بەزمانی ئینگلیزی لەگەل سەوسەن سەلیم و "سەلكشنە" كە كارگیری رێگخراوەیەكی ژنانی ئاسیا ییە سازدا. چاوپیكەوتنەكە تایبەت بوو بەقسەو باس لەسەر دیاردەی توندتیژی خێزان وكوشتنی ناموسی بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست هاوكات لە ناوپەنابەرانی كوردو رۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسیادا. شایانی باسە زوربەی قسەو باسە كان چوە سەر باس لە كاریگەری ئیسلامی سیاسی و ئیسلام لە سەر وەزعی ژنان بەردەباران و كوشتنی ناموسی.

*- 20-11- 2004 دا رێكخراوی(GIKDER) ریكخراوەیەكی كوردی توركیە لە لەندەن پانیلیكیان 3 سەعاتیان بۆ سەوسەن سەلیم سازدا كەنزیكەی 50 كەس بەشداری تیداكرد كەزۆربەیان ئەندامانی حزبی ماركسی لینینی توركیا بوو. پانیلەكە تایبەت بوو بەقسەو باس لەسەر وەزعی ژنانی عیراق دوای جەنگی ئەمریكا و دەوری ریكخراوی ئازادی ژنان . لەم پانیلەدا سەوسەن دوای ئەوەی بەلایەنەسیاسی‌یەكانی بارودۆخی عیراقدا چووە ولەبارەی وەزعی ژنان و قەراری 137و دەستوری تازەی عیراق و گۆرینی 8 مارس وفراندن وكوشتنی ژنان قسەی كرد هاوكات ئاماژەی بەكارنامەی رەشی ئیسلامیەكان داو دواتر لەبارەی رۆلی رێكخراوی ئازادی ژنان و هەلسورانەكانی‌یەوە قسەوباسی بۆ ئامادەبووانكرد .. جیگای ئاماژەیە لەم پانیلەدا هەوالنیرانی هەردوو رۆژنامەی ( TOPLOM POSTASI) و (ATILIM EROP ) كەبەزمانی توركی لەتوركیاو ولاتانی ئەورپا بلاودەبنەوە ئامادەی پانیلەكەبوون و راپۆرتیان لەسەر باسەكان هەلگرت.

ریكخراوی ئازادی ژنان/عیراق

2004-11-22